# ناوبژیوانێکی بەدبەخت

حەمەسەعید حەسەن

وەک عیززەدین ئەلمەجیدی ئامۆزای سەددام ددانی پێدا ناوە، سوریای خۆراگری و بەرەنگاربوونەوە، بە زەبری سووکەهەڕەشەیەکی ئەمریکا، ژن و کیژەکانی سەددامی سنووربداش کرد و هیچ وڵاتێکی دیکەی عەرەبیش ئامادە نەبوو، مافی پەنابەرێتییان پێ بدات.(١)

بەوەدا ئێمەی کورد لە ڕەسەنترین عەرەب، عەرەبترین و بە خۆشحاڵییەوە دەرگای وڵاتی خۆمان بۆ ئەو خێزانە لێقەوماوە خستە سەر پشت، مافی ڕەوای خۆمانە، سەرۆکی داهاتووی کۆمەڵەی وڵاتە عەرەبییەکان لە ئێمە بێت. پێم وایە گۆڕەپانی (باکووری عێراق) تەسکە بۆ خەباتی ئەو هێژایەی کلیلی دەرگای کوردستانی لەسەر سینییەکی زێڕین، بۆ ئەو خێزانە عەرەبە بێ نوایە هەنارد و دڵنیاشم ئەگەر خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمەڵەی وڵاتە عەرەبییەکان کاندید بکات، سەرکەوتنی مسۆگەرە.

*

بە نسکۆی بەعس و هەڵوەشاندنەوەی دەزگا سەرکوتگەرەکانی، وڵاتی بێکاران تەواو ئاوەدان بووەوە. لەو لەشکرە بەرینەی کاریان لە دەست دا، تەنیا بەزەییم بەو پیرەمێردە شێخرەزاناسەدا دێتەوە، کە ساڵانێکی دوور و درێژ ئیشی ئەوە بوو، لە نێوان کورد و بەعسدا ناوبژیوان بێت. بۆ ڕێزلێنان لە ڕەنجی بەفیڕۆچووی، جێی خۆیەتی میدالی بەدبەختترین ناوبژیوان لە بەرۆکی بدەین.

*

(برایم) ئەحمەد جێدەستی خۆی بە بە ژیانی سیاسیی سەدەی ڕابردووی عێراقەوە بەجێ هێشت. (بریما)کۆڤ هەمیشە لەو ساتەوەختە ناسک و هەستناکانەدا کە چارەنووسی بارگیری بەعس ڕوو لە هەڵدێران دەبوو، بە هانای سەددامەوە دەهات. ناوی (بریمە)ری داگیرکەریش بە خەتی درشت دەچێتە نێو دیرۆکی عێراقەوە. ئەم هەموو ڕاوەڕێوییەم بۆیە هێنایەوە، بڵێم: ئەوانەی (برایم)یان ناوە، با سیاسەت بکەن بە پیشە، چونکە مێژوو سەلماندوویەتی کە چارەنووسیان لە بواری کاری سیاسیدا ڕۆشن دەبێت.

*

زۆر قینم لەو ڕستانەیە کە بە (بێ گومان) دەستپێ دەکەن، ئاخر لە (دیکارت)ەوە فێر بووم، هەموو شتێک بخەمە ژێر پرسیار و گومانەوە. ببوورن کە دەڵێم: هیچ گومانم لەوە نییە، لە نێو حیزبە کوردییەکاندا بە گەورە و بچووکیانەوە، تا نۆی ئەپریلش پیاوانی بەعس بە نهێنی هەبوون، ئاخر هەرگیز ڕێی تێ ناچێت، بەعس هەوڵی گەرادانانی لە نێویاندا نەدابێت.

ئێستا کە بەعس ڕووخاوە و بەڵگەنامەکان ئاشکرا بوون، بریا پدک و ینک و حیزبە کوردییەکانی دیکەش، چی زووترە بەعسییەکانی نێو خۆیان، با ئەندامی سەرکردایەتیش بن، ئاشکرا دەکرد، ئەگەرنا خۆشیان بێت یان ترش، ئەو خەتە خوارانەی نێو ڕیزە ڕێکەکانیان، هەر ئاشکرا دەبن. من گەشبینم و ئەوە بە کارەسات نازانم، ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی حیزبێکی کوردی، بەعسی بووبێت، کارەسات لای من ئەوەیە، خودی سکرتێری حیزبە کوردییەکە، خەتخواری(٢) بەعس بووبێت.

*

میستەر پۆڵ بریمەر: تۆ یەکەم داگیرکەری پێشنیاری بخەمە بەر دەست. دەڵێم وەک چۆن (ئەمن)ی عێراقت هەڵوەشاندەوە، پیاوی چاک بە، بە هەمان چاو بۆ (ئاسایش)ی کوردستانیش بڕوانە، چونکە جیاوازی لە نێوان ئەمن و ئاسایشدا مەگەر بە هۆی میکرۆسکۆپەوە، دەنا تەنیا بە چاوی ڕووت نابینرێت.

2003. 06. 05

(١) ڕۆژنامەی Expressen ی سوێدی ل ٨ ڕۆژی ٢٠٠٣/٦/٥

(٢) خەتخوار کە لەسەر ڕیتمی جلخوار دامڕشتووە، بە مانای خط مائل: Doubleagent دێت.